The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cinosaydî Gelî Kurd*
ÇAK
contact@chak.info

# بەبەشداری پتر لە 350 کەس بۆمبابارانەکانی دەوڵەتی تورک لە شاری دینهاخی هۆڵەندا مەحکوم کرا.

<u>پەیامنێری ناوەندی چاک لەهۆڵەندا.</u>

ئەمرۆ 22.12.2007 بەبەشداری پتر لە 350 کەس لەشاری دینهاخ لە بەرامبەر سەفارەتی تورکیاکاتژمێرێ 1ی دوانیوەرۆ،پەلامارەکانی دەوڵاتی تورکیا مەحکووم کران،خۆپیشاندان لەسەرداخوازی فێدکۆم ڕێکخرابوو ناوەندی چاکیش دۆست و ئەندامان و خەڵکی ئاگادارکردبۆوە بۆ بەشداربوون و پشتیوانی کردن.خۆپیشاندان بەدانی شیعارو داخوازی بۆ وەستانی ئەو دەستدرێژیەدەستی پێکرد،دواتر لەهەموو بەشەکانی قسەو داخوازیەکاندا مەسەلەی ڕێگاچارەی ئاشتی و بەرگری بەم لەشکرکێشیە وەحشیانەیە کە خەڵکی کوردستان و ماڵ و ژیانی کردۆتە ئامانج مەحکووم کرا و هاوکاریەکانی دەوڵەتی ئەمریکا بۆ ئەم تاوانکاریە و شەریکبوونی لەم تاوانەدا ئاماژەیان پێدرا،یەکێک لەداخوازیەکانی تر ئازاد کردنی عەبدوڵا ئۆجالان بوو،خۆپیشاندان بەبەشداری خەڵکی جۆراوجۆرو کوردەکانی دانیشتووی هۆڵەندا وێڕای سەرماوسۆڵەو ئاووهەوای ناخۆش بۆ ماوەی چەند کاتژمێردرێژەی هەبوو.




ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد - چاک
The Centre of Halabja against Anfalazation and Genocide of Kurds
مرکز حلبجة لمناهضة أنفلة وإبادة الشعب الكردی - چاک

www.chak.info
chak.org@gmail.com